# ئاا وت ل بان دبت؟. ئوش ووت: ب، فرموو : وات وام بدرو

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێکی نابینا هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من کەسێکم نییە کە دەستم بگرێت بەرەو مزگەوت، پرسیاری کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەربارەی ڕوخسەتدانی بەوەی لەماڵەوە نوێژ بکات، ئەویش ڕوخسەتی پێ دا، کاتێک پیاوەکە هەندێک دوور کەوتەوە؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگی کرد، وفەرمووی: «ئایا گوێت لە بانگ دەبێت؟». ئەویش ووتی: بەڵێ، فەرمووی : «کەواتە وەڵامی بدەرەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پیاوێکی نابینا هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا کەسێک نییە یارمەتیم بدات ودەستم بگرێت بەرەو مزگەوت، لە پێنج نوێژە فەرزەکەدا، دەیویست پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی پێبدات بۆ وازهێنان لە نوێژی جەماعەت، ئەویش ڕوخسەتی پێدا، کاتێک پیاوەکە دوور کەوتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بانگیکرد، وفەرمووی: ئایا گوێت لە بانگەکە دەبێت؟ ووتی: بەڵێ، فەرمووی: وەڵامی بانگبێژ بدەرەوە بۆ نوێژی جەماعەت

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11287

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee